# ئاڵەکۆک

مهاباد

ویژه نامه ـ ماهنامه مهاباد
گه لا ویژی۱۳۸۴





وتەی ئاڵەکۆک



# بژی منال

سەنگینی و ڕەنگینی گۆڤارێکی بەنرخ تەنیا بە دەستەی نووسەران بەڕێوە ناچێ، ڕاستەوخۆ ئەوانەی هاوکاری گۆڤارن، خۆیان دەستیان لە قورسایی ئەم گۆڤارەدا هەیە.

گۆڤاری ئاڵەکۆک وەک یەکەم ئەزموون، داوای هاوکاری سەمیمانەی لە گشت لایەک کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر بێ. هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە گۆڤاری کردووە بە مڵکی ئەوانەی بایخ بە منال و ئەدەبی منالان دەدەن. لەم نێوەدا گەلێ بەرهەم بە هانامانەوە هاتووە، وەک شێعر و چیرۆک هەتا ڕێنموونی بچکۆلە. لە شێعر و چیرۆکەکان ئەوانەی کۆڵێک ئەزموونی نووسییان بوو چاوەڕوانی چاپی شێعرەکانیان و... بوون. بەشێکی تریش کە تازە دەکەوتنە ئەم گۆڕەپانە، پێیان وا بووە لە هیچ کوێ نەبێ لەم گۆڤارەدا دەتوانن بەرهەمەکانیان بە چاپ بگەیەنن. ئاوڕدانەوەیەک لە کاری ئەو ئازیزانە، ئێمەی لەو نیگەرانییە هاویشتووە ئەکا بە گشتی منال سووک و سادە چاو لێدەکرێ؟ ئەکا لە ڕووی ئەو ڕوانگە زاڵ و زاڵمانەیەدا، هیچ خوێندنەوە و موتالایەکمان لە سەر منال نیە؟ یا لە هۆنراوەکانی بە ڕواڵەت منالانە، خۆشەویستی لە منال سڕاوەتەوە. بۆیە یەک شوعار تێکەڵ بە شێعری منالان دەکا، ئەویتر خەریکی پەند و ئامۆژگاری بابانەی منالە. هەتا مەزن بابی ئەبڕێتەوە و گەورەکان ئەبن بە منال و منال هەست بەوەی ئەکا گەورەکان دۆست و ئاواڵی ئەون؛ نابێ چاوەڕوانی ئەوەبین منالەکانمان گەشە بکەن و سەرکەون.





ساڵی ئەوەڵ، ژمارە ٥، ١٣٨٣



هەواڵنامەی کتێب

ئاڵەکۆک
تایبەتی منالان

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد بەحری

دەستەی نووسەران: فەرمیدوون حەکیم زادە
یوسف فازلی

شێوەن حەسەن پوور

تایپ و ڕازاندنەوە:
سروە بەحری

چاپ: نەشری ڕەهرەو - مەهاباد

مهاباد - مجله ئاڵەکۆک صندوق پستی ۴۵۷
شماره حساب: بانک رفاه شعبه صلاح الدین جاری ۱۶۹۰۴۳

E mail: alakok_ mag @ yahoo.com





به خه‌تێك، هه‌ر كه‌ره‌سه‌ی به خاوه‌نی ئیشی خۆیه‌وه بنووسێنن





ژماره‌كان پێكه‌وه بنووسێنن وێنه‌یه‌كی جوان ده‌رده‌كه‌وێ







# دایه


سه‌لاح نیساری ـ بۆكان


دایه گه‌وره دانیشه
ئه مجاریش وه‌ك هه‌میشه
تاكوو خه‌و ده‌مباته‌وه
دانیشتووم به لاته‌وه
چاوه‌ڕێتم له مێژه
حه‌قایه‌تم بۆ بێژه
باسی كه‌و و مراوی
باڵنده و مه‌لی ئاوی
گورگ نا! به‌رخ و بزن
مناڵان با نه‌ترسن
ڕێوی نا! فێڵه بازه
بۆم بێژه شتی تازه
تێیدا نه‌بێ دڕنده
خۆشم ده‌وێ فرنده...
ئاوی ماریش مه‌هێنه
دڵم دامه‌خورپێنه
بۆیه زۆریش ده‌ترسم
له تاریكی ده‌ترسم
سه‌ر ده‌كه‌مه سه‌ر ڕانت
ده‌بیستم وته‌كانت
ڕۆڵه‌ی شیرین و قه‌ندم
گوێ ڕادێره له په‌ندم
بێ گه‌ره به وه‌كوو گوڵان
شیرین به له‌به‌ر دڵان
ڕاستی بكه به پیشه
بێ زانین دامه‌نیشه
هونه‌ر ڕووناكی دێنێ
خه‌فه‌ت هه‌ڵده‌وه‌رێنێ



# هاوین




په‌ره‌نگ كه‌یوان پوور ـ مه‌هاباد


ئه‌مه فه‌سڵی هاوینه
فه‌سڵی میوه‌ی شیرینه
شه‌لیل و قه‌یسی و خه‌یار
كاڵه‌ك و شووتی ئاودار
گێلاس و سێو و هه‌ڵوو
زه‌رد و سووره باخ هه‌موو
دانه‌وێڵه و گه‌نم و جۆ
دایگرتووه هه‌رد و بۆ
ئه‌م هه‌موو خێرو ئیحسان
خودا داویه به ئینسان










هه‌واڵنامه‌ی کتێب

# ژمارە لە کەیەوە پەیدا بوو *

لێهەڵگرتنەوە (اقتباس): ئارین - ژیار

لەسەرەتاوە مرۆڤ حیساب کردن و ژمارەی نەدەناسی. بۆ وێنە ئەگەر ویستبای مەڕەکانی بژمێری، بۆ هەر مەڕێك ورکە بەردێکی لە هەنبانە دەهاویشت

ئەم بۆ چوونەش لەوەڕا پەیدا بووە کە وشەی calculate کە لە زمانی ئینگلیسی‌دا بە واتای حیسێب کردنە لە وشەی لاتینی "کالکولس" وەرگیراوە کە بە مانای "بەرد"ە.

هەنگاوی دواتر ئەوەبوو دەهاتن لە سەر دار خەتیان دادەدا. بو وێنە چەن مەڕی هەبایە، بە بەرد ئەوندە خەتی بە سەر داری خۆیدا دەهێنا

هەنگاوی دواتر کەڵك وەرگرتن لە قامکەکانی دەست بوو. ئێستاش لە زمانی ئینگلیسی‌دا وشەی "digit" کە بە ژمارەکانی ١ هەتا ٩ دەگوترێ لە ڕیشەی لاتینی بە مانای "دەست" وەرگیراوە.

بە درێژایی هەزاران ساڵ، بە کەڵك وەرگرتن لەم کەرەسانەش هێشتا ژمارەکان ئێویان بۆ دانەنرابوو سیستمی ڕۆمی لە دوور هەزار ساڵ لە مەوبەر هەتا سەدەی شازدەی زایینی لە وڵاتانی ئورووپایی باو بوو. حیسێب و کتێبی خۆیان لەسەر بنەمای ئەم سیستمە داڕشتبوو. ئێستاش شێوەی نووسینی ئەم ژمارانە لەسەر زۆرێك لە کاتژمێرەکان دەبنیری

ئەو سیستمەی ئەمڕۆ ئێمە کەڵکی لێ وەردەگرین و بە کاری دێنین لە وڵاتی "هیند" داسەزراوە و پەرەگر بووە. بە هۆی بازرگانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات گەیوەتە ئورووپا. لەم شێوازە دا ژمارەکانی لە ١ هەتا ٩ دەست پێ دەکا. لە دوایە خاڵێکیان دادەنا. سەر لە نوێ دەستیان بە ئەژماردن دەکرد. بەم پێیە ژمارەی ١٠ ساز بوو. سیستمی "دە دەیی" یا "اعشاری" وەك دەڵێن لەوەڕا پەیدا بوو.

ئێستاش دەزانی لە ئەندازیاری و ئابووری و ئامار و کامپیوتر و... چەندە گرینگ و بایەخدارە!

* وتارێکی زانستییە







# باران

نووسینی: گوڵچینی گیلانی
وەرگێڕ: ئازاد ماوەڕانی

دیسان باران
بە گۆرانی
پڕ لە خۆش و شادمانی
پۆلی مرواری ورد و جوان
بە لێزمە دەڕژێنە سەربان
دێتەوە بیر ڕۆژی باران
سەیرانی سەردەمانی دوور
خۆش و شیرین
لە نێو دارستانی گیلان
منالێکی دەساڵە بووم
سەرخۆش و شاد
بەدڵ ئازاد
نەرم و ئاسك
چوست و چالاك
بە هەنگاوی منالانە
هەڵدەهاتم وەکوو ئاسك
بە سەر جۆگەلە و جۆبارا
لە مالێ دوور دەکەوتمەوە
چرپەی مەل و سروودی با

پێیان دەگوتم
ڕاز و ڕەمزی نەهێنیکان
برووسکە وەك خەنجەری تیژ
سینگی هەوری دادەڕووشاند
تریشقەی شێت
تووڕە و تۆسن
دەیخرۆشاند
دارستانی لە با یاخی
وەك مەوجی دەریا ڕادەژا
گرمۆتەی* نەرمی بارانە
لە هەر شوێنێ دادەبڕا
پڕ ئاوە باوەشی سەوزی
ئاسمان هاتۆتە سەر عەرزێ
پڕاوپڕی دڵ بوو باران
چەندە جوان و سڵ بوو باران
لەو بارانە گەوهەرینە
لەو خۆشیە پڕ ئەوینە
هاتە بەر گوێم
وازی هەرمان، پەندی بەنرخی ئاسماز
ڕۆڵەکەی من
لە بەر چاوی پیاوی سبەی
ژین و ژیان
چ تارێك بێ چ ڕووناییی
هەر جوانە، هەر جوانە، هەر جوانە

* چکۆلەی خرەکە (کتێبی هەنبانە بۆرینە - مامۆستا هەژار)





هەواڵنامەی کتێب

# فێر بوونی زمانی کوردی ٤

نووسینی: سەید عەبدوڵڵا سەمەدی
ئامادە کردنی: فەرەیدون حەکیم زادە



وانەی چوارەم:

منداڵە ئازیزەکان هیوادارم سێ باسی، پێشووی "فێر بوونی زمانی کوردیتان" خوێندبێتەوە و لەم ژمارەیەشدا درێژە بەم باسە دەدەین. تاقمێک دەڵێن ئەم باسانە بۆ ئێوە سەخت و دژوارە بێخەبەر لەوەی منداڵان و مێرمناڵانی وڵاتەکەم چەند هۆشیار و وریان.

لە نالەکۆکی ژمارە چوار دا باسی چوار پیتمان کرد کە عەلامەتی "٧" دەگرن کە بریتی بوون لە "ڕ ـ ڵ ـ ۆ ـ ێ". هەر لەو ژمارەدا "ڕ" ی شی کراوەیەوە، ئەمجارە نۆرەی "ڵ" هاتووە:

ڵ: دەنگی "ل" لە زمانی کوردیدا بە دوو شێوە دەگوترێتەوە: ١ـ بە واسیتەی ئەوەی نووکی زمان لەگەڵ مەڵاشوو (سقف دهان) و نزیک بە ددانی پێشەوە دەگوترێتەوە کە پێی دەڵێن "لێی بچووک یا لاواز" و هیچ عەلامەتێکی نیە. وەکوو: مل ـ گێل ـ لێو ـ شەل ـ چل.

٢ـ ئەوی تریان "٧" دەگرێ: (ڵ). کە پێی دەڵێن "لێی گەورە یاقەڵەو" وەکوو: دڵ ـ گوڵ ـ چڵ ـ حەڵاڵ

واتای وشە

| کوردی | وانە | باس | تاقمێک | دژوار | مێرمناڵان | شی کردنەوە | مەڵاشوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فارسی | درس | موضوع | بعضی | سخت | نوجوان | توضیح دادن | سقف دهان |

ئەمن منداڵێکی وشیارم، دەمەوێ زمانی کوردی وەکوو زمانی فارسی فێربم و لەو زمانە شیرینە چێژی تایبەت ببەم. ئەی ئەوانەی دڵسۆزی داهاتووی منن وەرن توخوا لە جیاتی زۆر شتی خوڕایی و بێ کەڵک، من لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردی ئاشنا بکەن.

من کودکی هوشیارم می‌خواهم زبان کردی را مانند زبان فارسی یاد بگیرم و از این زبان شیرین لذت خاص ببرم. ای آنهایی که دلسوز آینده من هستید بیاید شما را به خدا به جای چیزهای بیهوده من را با ادبیات کردی آشنا کنید.



° کتاب آموزش خواندن و نوشتن زبان کردی با الفبای عربی ـ کتاب یکم ـ نوشته سید عبداله صمدی.



# جەدوەل



١ـ شاری گێلاس لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران)
٢ـ بەردکەتی سفرە
٣ـ مانگی گەلاوێژ بە فارسی
٤ـ ئامازە بە دوور
٥ـ وەرزی بارینی بەفر
٦ـ یاری بولبوول
٧ـ منداڵان پێشان خۆشە لە تەلەفیزیۆن چاوی لێ بکەن
٨ـ هەموو کات لەگەڵ "قارەمانێکی کارتۆنی شەڕیەتی
٩ـ بوونەوەرێکی قێڵەبازە و دوژمنی جوجکە مریشکانە
١٠ـ جوانیەکەی بێ وێنەیە، دەڵێی مانگی....

تکایە بۆ ناردنی وڵامی جەدوەل، گۆڤارەکە مەدڕێنن. تەنیا بە ژمارە وڵامەمان بۆ بنێرنەوە

## وڵامی جەدوەلی جۆرەوداڵە



١ـ هەنگوین
٢ـ خرداد
٣ـ شەو
٤ـ ماسی
٥ ـ هەتاو
٦ـ دوور
٧ـ هەژار
٨ـ نالەکۆک
٩ـ گوێرەکە

بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ٣
مەحەممەد مەحەممەدی ـ محەممەدیار
ـ گوندی دەرگەی لوتفوڵڵا
شایان سەمیعی ـ سەردەشت



هەواڵنامەی کتێب



## کتێب

عومەر مەعرووفی ـ مەرگەوەڕ

کتێب دۆستەك عەزیزە
خۆشتر ل خڕ لەبیزە
بۆمە دبێژیت زانینێ
ل میللەت و ئانینێ
قەت ل مەتورە ئابە
دڵ ڕەحمە وەکی بابە
هەرە کتێبەك بینە
نووکە گاوا زانینە
فێربە بۆ نیشتمانێ
ل دیرۆکا جیهانێ
دا وەلاتێ ئاوا کەین
نیشتمانا خوە شاکەین



## باران

ئەمین گەردیگلانی ـ بۆکان

خرمەخرمەی پێی باران
دێ لە سەر بانی ماڵان
هەڵدەپەڕن دڵۆپە
وەکوو کایەی منداڵان
چەتر دەکەم هەڵدەگرم و
ڕادەکەم بۆ بەر دەرکێ
لەگەڵ دەنکی بارانە
دەست دەکەم بە هەڵپەڕکێ
بە پڕتاو دێنە خوارێ
سەر دەدەن بە گۆلاوا
تۆقلە هەڵدەتۆقێن و
ڕادەکەن بە سەر ئاوا
بارانە هەر دەبارێ و
دەدرێ لە تۆقلە ئاوان



فوودانەیان دەتۆقێ
ئاوی لێڵی گۆلاوان
مۆسیقای نەرمی باران
ئەوای سەوزی ژیانە
بۆ تۆوی لە خاکا خەوتوو
مزگێنی سەرهەڵدانە
بەلێزمە دێتە خوارێ
چەن خۆشە خرمەخرمی
هەور دەدا برووسکە
پێم خۆشە گرمەگرمی





## بۆ پێکه نین

ئارام حەسەن پوور

ڕۆژێك ژنێك بە کوڕەکەی دەڵێ
هیوا گیان بچۆ لەو دووکانەی سەری کۆڵان
کیلۆیەك کشمش بکڕە
هیوا دەچێ، ئەوێ ئاوی کشمشی لەبیر
دەچێتەوە بە دووکاندارەکە دەڵێ:
کاکە ئەرێ "ترێی پەنچەر"تان هەیە؟

•••

کاوە دوو ڕۆژ ناچێتەوە بۆ قوتابخانە
ڕۆژی سێهەم دەچێتەوە. مامۆستاکەی دەڵێ
کاوە! بۆ پێرێ نەهاتبوویەوە بۆ قوتابخانە؟
کاوە: ئاخر مامۆستا دایکم کراسەکەی بۆ شتبووم
مامۆستا: ئەی دوێنێ بۆ نەهاتبوویەوە؟
کاوە: ئاخر مامۆستا بە بەردەرگای ماڵی ئێوەدا
هاتم، کراسەکەت بە تەنافەکەوە بوو







هەواڵنامەی کتێب



شێعر: شێل سیلوێر ئێستاین

وەرگێڕ: مەحەممەد شەریف مەحەممەدی ـ بانە

## گەرمایە

کوڵەکوڵە، گەرمایە
بایەکی فێنك نایە
نووشابەم خواردوە هەرە
دانیشم لەو سێبەرە
با داکەنم پێڵاوان
وەختە بمرم لە گەرمان
کراس بە پشتا ئەلکێ
عارەق لە چەنەم ئەتکێ
ئەبێ لیباس دەربێنم
بە ڕووتوقووت وە مێنم
لە گەرمان کەوتمە هانکە
تاقیم کردەوە پانکە
لە ئیستەخرا مەلەم کرد
بە بەستەنی قوولەم کرد
فێنك نەبوومەوە هەر
پێستم داکەنم مەگەر
بە ئێسکەوە دانیشم
هەر گەرمە وا ئەپێشم

# IT'S HOT

It's hot
I can't get cool
I've drunk a quart of lemonade
I think I'll take my shoes off
And sit around in the shade

It's hot
My back is sticky
The sweat rolls down my chin
I think I'll take my clothes off
And sit around in my skin

It's hot
I've tried with electric fane
And pools and ice cream cones
I think I'll take my skin off
And sit around in my bones
It's still hot



# دایه

خاڵند ئەحمەدی ـ بۆکان

هەی دایه، دایه، دایه
بۆم بڵێ لایە لایه
دەنگت چەنێ بە سۆزە
ئیشت چەنێ پیرۆزە
ئاکارت ڕێك و جوانه
دەنگت مەرهەمی ژانه
ڕۆشن دەکەی ڕێگەی من
هەست و ڕۆح و دیدەی من
تۆ بەرهەمی بەهەشتی
خۆری زێڕینی دەشتی
بێشکەی دڵت بە ئاهەنگ
دەمخەوێنێ بەبێ دەنگ
تۆ بۆ کەشاوەکەی دڵ
ئاوی دەدێری حاسڵ
شەرت بێ هەتا بمێنم
قەت قەت دڵت نەشکێنم
ژێر پێت کە من دەڕوانم
بەهەشت دەدا نیشانم
گیانفیدای تۆمە دایه!
بۆم بڵێ لایە لایه

# هەنگ و هەنگوین

قادر عەلیخانازەر ـ بۆکان



ئەی باڵدارە جوانەکەم
مەلە بچکۆلانەکەم
بەر ئەوەی تاو بێتە سەر
تۆ لە ماڵێ دێیتە دەر
بەو باڵە بچکۆلانه
دەفڕی بۆ ئەو دوورانه
دەم بە بزە و گۆرانی
خەریکی تێکۆشانی
کام گوڵ پاك و خاوێنه
جوان و دڵ بلاوێنه
دەست دەخەیتە سەر مەمی
دەم دەنێیتە نێو دەمی
شیلە و بۆنی لێ دەگری
بەرەو هێلانە دەفڕی
دەیکەی بە شانەی هەنگوین
کە پێخۆرێکە شیرین
ساتێك نیە وەستانت
جێی ڕێزە تێکۆشانت
هەتا دەمەو ئێوارێ
ماندوو نابی لە کارێ
ئەوەی بە ـار و بارە
ناوەستێ تا ئێوارە
تێکۆشانی بەکەڵکە
خۆشەویستی لای خەڵکە





هەواڵنامەی کتێب

# مامە هاوڕێ هاتەوە



منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان، سڵاو!

ئەمجارە کۆڵێکم قسەی خۆش و ئاوات و ئارەزوو بۆ ئێوە هێناوە. بۆ ئەم ژمارەیەی ئاڵەکۆك بڕیارم دا تووشی هەر منداڵێك بووم وەك ئاواڵ تۆزێك قسەی لەگەڵ بکەم. یەکەم منداڵ کە تووشی هاتم دیم فەرغوونێکی پڕ لە کاغەز و کارتۆنی پێیە. سڵاوم لێکرد و گوتم: نامەیەکی زۆر کورت بۆ خودا گیان بنووسەو ئاواتی خۆتی پێ بڵێ. بەو دەستە بچکۆلە و جوانانەی، ئەمەی نووسی: "خودایە گیان سڵاو، ئەگەر دەکرێ دوو کیلۆم قەیسی بۆ بنێرە. بەڵام ناوکەکەشی خۆشە بێ" (هێمن ٨ ساڵان، دووهەمی سەرەتایی). کوڕێکی خوێن شیرین قەرتاڵەیەکی قەچە و بۆیاغ و تەق تەقیلە پێیەو لەبەر خۆیەوە هەرا دەکا: "واکس، واکس" ئەویش قەڵەم و کاغەزەکەم لێ وەردەگرێ و دەنوسێ: خودایە گیان من زۆرم تۆ خۆش دەوێ. دەڵێن تۆش منداڵانت خۆش دەوێ". ئەگەروایە دووچەرخەیەکم بۆ بنێرە. کۆنەش بێ قەیناکا بەڵام تەگەری کۆمەکی بێ. با زوو فێری لێخوڕینی بم." (ڕەزا ٧ ساڵان) لە کۆڵانێك توشی کەنیشکێکی قژ کاڵی چاوبلەک لە چاو بووم. خەریکە لە بەردەرگای ماڵی خۆیان تەناف تەناف‌ێنێ دەکا. لە دوورەوە ڕادەوەستم جارێ وایە هەتا چل دەڕوا و تەنافەکە لە لاقی ناگیرێ. دەچمە پێشێ و دەڵێم: ماندوو نەبی زۆر چاکی دەکەی، منیش فێرناکەی؟ پێدەکەنێ و دەڵێ: "تۆ تازە فێر نابی". گوتم: چووزانی فێر نابم؟ گوتی: ئاخر باوکم ئەو هەمووەی دەکا هەر فێر نابێ. هەردووسێ جار دەتوانێ. خێرا تەنافەکە لە لاقی دەگیرێ". گوتم: کچە جوانەکەم ئێستا کە تۆ ئەوەندە هونەرمەندی، ئەگەر نامەیەك بۆ خودایە گیان بنووسی، داوای چیی لێدەکەی؟ پێکەنی و گوتی: "ئاخر چۆنی بۆ بنێرم؟" گوتم: تۆ بنووسە من بۆی بەڕێدەکەم. قەڵەم و کاغەزەکەی لێ وەرگرتم و نووسی: "خودایە گیان، حەوتوویەکە دایکم تۆراوە. زۆرم بیر کردووە، چۆتەوە بۆ دێ، لە ماڵی باوەگەورەمە. بە دایکم بڵێ بێتەوە. باوکم نازانێ چێشت لێنێ. ئەگەر هاتەوە بە دایکم و باوکم بڵێ شەڕ نەکەن". (چیمەن ٨ ساڵان). کوڕێکی چاورەش شەپکە لەسەر بەستەیەکی پێیەو بە پەلەخۆ دەکا بە دووکانەکاندا و دێتەوە دەرێ. هەرا دەکا: "بنێشت، بنێشت" دەڵێ وەك بەفر لێدەکا" ئەویش قەڵەم و کاغەزەکەم لێ وەردەگرێ و دەنووسێ خودایە گیان سڵاو، من داوات لێدەکەم کە پوولێکی زۆر بەو دایك و باوکانە بدەی کە فەقیرن. با منداڵەکانیان بەرن بۆ پارکی شار" (موحسین ٩ ساڵان) کوڕێکی سەرتاشراو زیت و وریا و لێو بە پێکەنین فەرغوونێکی پڕ لەتەماتەی پێیە و ڕوومەت و ئێوچاوانی بە ئارەق خووساوە. قەڵەم و کاغەزەکەی دەدەمێ. دەڵێ: "نازانم بنووسم". گوتم: بۆ مەگەر ناچی بۆ مەدرەسە؟ گوتی: نا باوکم دەڵێ مەدرەسە دەرسی شەیتانە. قەول وایە بمنێرێ بۆ فەقێیەتی" گوتم. ئەگەر سەوادت بوایە چت دەنووسی بۆ خودایە گیان؟ گوتی: "دەمنووسی خودایە گیان بە باوکم بڵێ کیفێکم بۆ بکڕێ و بمنێرێ بۆ مەدرەسە. زۆرم مەدرەسە پێخۆشە. با لە حەوشەی مەدرەسە بە کەیفی خۆم تۆپێن بکەم" (عەبدولباسیت ١٠ ساڵان)

تووشی زۆر منداڵی دیکەش بووم. هێندێکیان شەرمێون بوون. هەرچیم کرد قسەیان لەگەڵ نەکردم. منیش دەڵێم خودایە گیان! خۆزگە هیچ منداڵێك لە دنیادا شەرمێون نەبێ و هەموویان بە ئارەزووی خۆیان بگەن.







# تاوانبار

شێعر: شێل سیلوێر ئێستاین
وەرگێر: مەحەممەد شەریف مەحەممەدی ـ بانە

کتێبێکم نووسی بوو چەندە جوان
تەنیا لەبەر خاتری تۆ خەپەگیان
باسی کۆڵکەزێرینەی کەوانی
باسی هەتاوێکی گەش و ئاسمانی
دەربارەی ئاوات و خواست...کە بۆ ئێمە
هەر هەمووی ئەبوونە ڕاست
"لەو لایەڕا بزنێك هاتووە جوویەتی
خۆت ئەزانی بزن ئەمەخوویەتی"
دەستم پێکرد کتێبێکی دیم نووسی
ئەوەندەی پێم ئەکرا پەلەم کرد کەچی
هەرچەند ویستم ئەم کتێبە لەو بچێ
بەڵام هەیهۆ ئەمیان لە کوێ ئەو لە کوێ
ئەم کتێبە جوان نیە وەك ئەوی کۆن
وا بزنەگێل جوویەتی هە پرۆن هە پرۆن
ئەگەر هاتوو بە دڵت نەبوو ئەمجارە
ئەم کتێبەی بۆم نووسیوی دووبارە
خەتام نەبوو ئەگەر ڕەنجم خەسارە
تەنیا، تەنیا...
بزنەکە تاوانبارە

## BLAME

I wrote such a beautiful book for you
Bout rainbows and sunshine
And dreams that come true
But the goat went and ate it
(you knew that he would)
So I wrote you another one
Fast as I could
Of course it could never be
Nearly as great
As that beautiful book
That the silly goat ate
So if you don't like
This new book I just wrote
Blame the goat







هەواڵنامەی کتێب





# تەوری ئاڵتوونی و تەوری زێوین

وەرگێر: ڕزگار عەلی خانازەر ـ بۆکان

ڕۆژێك داربڕێکی هەژار چوو بۆ دارستان و خەریکی بڕینەوەی چڵ و پۆپە ویشکەکان بوو. تا نیوەڕۆ بێ وچان کاری کرد. پاشان بۆ خواردنی نان و چا و تۆزێك پشوودان لە لێواری کانییەك دانیشت. دوای ئەوەی تێری خوارد. تینوی بوو بۆ ئاوخواردنەوە چووە لێواری کانییەکە. چۆکی دادا و نووشتایەوە هەتاکوو کەمێ ئاو بخواتەوە. لە پڕ تەورەکە لە دەستی ترازا و کەوتە نێو ئاوەکەوە. داربڕەکە کە ئەوەی دیت زۆر ناڕەحەت بوو بە نائومێدییەوە بە خۆی گوت: ئێستا من چی بکەم؟ خۆ ئیتر هیچ کەرەسەیەکم نیە کاری پێ بکەم. لە ناکاو ئاوی کانییەکە قوڵتێکی دا و نوورێکی جوان لە ناو ئاوەکەوە هاتە دەرێ و لە ناو نوورەکەش کابرایەکی پیر وەدەرکەوت. بە ڕوویەکی خۆش ڕووی کردە داربڕەکە و گوتی: چیت لێ قەوماوە کاکی داربڕ! هۆی چییە کە ئەوەندە خەمین و پەرێشانی؟ داربڕەکە بە دەم گریانەوە گوتی: تەورەکەم کەوتۆتە نێو ئاوەکەوە و بێئەویش هیچ کارێکم پێ ناکرێ. پیرەپیاوەکە گوتی: هەر ئێستا تەورەکەت بۆ دەردێنمەوە. ئەوەی گوت و خۆی کرد بەنێو ئاوەکەدا. دوای چەن ساتێك بە تەورێکی ئاڵتوونییەوە هاتە دەرێ و گوتی: ئەمەیە تەورەکەی تۆ؟

داربڕەکە وڵامی دایەوە: نا...نا...تەورەکەی من ئاڵتوونی نەبوو تەورێکی ئاسایی بوو پیرە پیاوەکە دیسان خۆی کردەوە بە نێو ئاوەکەدا و پاش چەن ساتێك بە تەورێکی زێوینەوە هاتە دەرێ تەورەکەی نیشانی داربڕەکەدا و گوتی: ئەمەیە تەوری تۆ؟ دیسان داربڕەکە گوتی: نا...نا... تەورەکەی من زێوین نەبوو. تەورێکی ئاسایی بوو. بۆ سێهەمین کەرەت پیرە پیاوە دڵسۆزەکە خۆی کردەوە بە نێو ئاوەکەدا و تەورێکی ئاسنی لەگەڵ خۆیدا هێنایە دەرەوە. داربڕەکە بە دیتنی تەوری خۆی گەشایەوە و هاواری کرد: ئەوەیە... ئەوە تەورەکەی خۆمە. پیرە پیاو تەورە ئاسنەکەی پێدایەوە و گوتی: تۆ پیاوێکی ڕاستوێـــــژی. هەر لەبەر ئەوەش هەم تەورە ئاڵتوونییەکە و هەم تەورە زێویەکەشت دەدەمێ. تەورەکانی دایە دەست داربڕە هەژارەکە و لە بەرچاوان ون بوو. ڕۆژی دوایی داربڕەکە تەورە ئاڵتوونی و تەورە زێوینەکەی نیشانی هاورێ داربڕەکەی خۆیدا و بەسەرهاتی ڕۆژی ڕابردووی خۆی بۆ گێڕایەوە. هاوڕێکە کە پیاوێکی زۆر بە تەماح بوو پیلانێکی داڕشت و تەورە ئاسنەکەی هەڵگرت و بردیی خستییە نێو ئاوەکەوە. پاشان لە شوێنێك دانیشت و دەستی کرد بە گریان و شیوەن. ئاوی کانییەکە قوڵتێکی دا و پیرەپیاوە ڕەزاسووکەکە وەدەرکەوت. لە داربڕەکەی پرسی: چیت لێ قەوماوە؟ لەبەرچی دەگری؟ داربڕەکە وڵامی داوە: تەورەکەم لێ کەوتە نێو ئاوەکەوە... تازە هیچ شتێکم پێ نیە ئیشی پێ بکەم؟ پیرە پیاوەکە خۆی کرد بە نێو ئاوەکەدا. پاش چەن ساتێك بە تەورێکی ئاڵتوونییەوە هاتە دەرێ. بە کابرای داربڕی گوت: ئەوەیە تەورەکەی تۆ؟ داربڕەکە بە پەلە وڵامی داوە: بەڵێ بەڵێ ڕاست تەورەکەی خۆمە. کابرا دەیزانی کە درۆ دەکا. بە تووڕەییەوە گوتی: تەورەکەی تۆ تەورێکی ئاسن بوو. نەوەك تەورێکی ئاڵتوونی... ئەتۆ پیاوێکی درۆزن و بەتەماحی. ئەوەی گوت و خۆی کردەوە بە نێو ئاوەکەدا و ئیتر نەگەڕایەوە. داربڕەکە لە کاری خۆی زۆر پەشیمان بۆوە. ئەو تەنانەت تەورەکەی خۆشی لە دەست دەرچوو.







# ورچی ورگن



سەید عەبدولقادر سەمەدی

ئێوارەی رۆژێکی ساردی پایز بوو. هەتاو، کز و ڕەنگ پەڕیو. دوامین تیشکی زەردی خۆی خستبووە سەر دارەکانی جەنگەڵ. باڵندەکان خەریک بوون بەرەو هێلانە دەگەڕانەوە. جانەوەرەکانی جەنگەڵیش پەلەیان دەکرد، بەر لە تاو پەڕین، جێ خەوێک بۆ شەو بدۆزنەوە. ورچێکی گەورە، شەکەت و برسی. بەیانی زوو وەدوای بژیو کەوتبوو، بەڵام هیچی نەدیبۆوە. ئێستا کە رۆژ ئاوا دەبوو نیگەران و پەشۆکاو لە نێوان دارەکانی جەنگەڵ دەگەڕا و هەموو ئەڵێن و قوژبنێکی دەپشکنی. بەڵکوو شتێکی وەگیر بکەوێ و ورگی خۆی پێ تێر بکا. لە ناکاو تووشی ڕێوییەکی پیر بوو! ڕێوی کە لەم ئێوارەیەدا، چاوەڕوانی ئەم دیدارە نەبەو، زۆر ترسا. بەڵام زوو بیری کردەوە ئەم ترسە بێفایدەیە و باشتر وایە ئازایانە لە فکری چارە سەری خۆیدا بێ. هەر بۆیە وەک دۆستێکی کۆن کە لەمێژ بێ خۆشەویستی خۆی چاو پێنەکەوتبێ، بەرەو ورچە ڕۆیی و سڵاوی کرد و ئەحواڵی پرسی! ورچە قەڵەو کە پێشتر باسی زۆرزانی و فێڵبازی ڕێوی بیستبوو؛ بۆ ئەوەی ڕێوی نەترسێنێ و بتوانێ لە نەکاو خۆی پێدادا و بیکاتە بابۆڵە، لێی چووە پێش و وەڵامی سڵاوەکەی داوە و گوتی: «حاڵم باش نیە، زۆر برسیم. مام ڕێوی کە بە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ئەو ورچە زەلامە هێزی ئەژنۆی شکابوو و هێزی هەڵاتن لە قاچەکانیدا نەمابوو، زانی وا بە هاسانی لە چنگ ئەو ورچە برسییە ڕزگاری نابێ. زانی لێرەدا لە جێی قاچەکانی بۆ هەڵاتن، دەبێ لە مێشکی کەڵک وەرگرێ بۆ بیرکردنەوە. هەر بۆیە کاتێک دەردی دڵی ورچەکەی بیست، ئاخێکی لە ناخی دەروونەوە هەڵکێشا و گوتی: «ئاواڵی خۆشەویستم! ئیتر پێی ناوێ خەفەت بخۆی! لەوە بەدوا ناهێڵم برسێتی بکێشی! چونکە مەڵبەندی ژیانی من پڕە لە کەندووی هەنگوین! ورچی برسی هەرناوی هەنگوینی بیست، لە خۆشیان زاری پڕ بوو لە ئاو. ئەعرەتەیەکی کێشا و دەستەکانی لە یەک خشاند و گوتی: «ئەو مەڵبەندە خۆشە لە کوێیە؟» «زۆر دوور نیە، هەر لەم دەوروبەرانەیە!

«دەتوانی ئەو شوێنەم نیشان بدەی؟

«بۆچی ناتوانم؟! ئەویش بۆ تۆی دۆستی خۆشەویستم! باشترە تا خۆر ئاوا نەبووە، وەڕێ کەوین.

«کەوایە، با بڕۆین! چونکە چیتر بەرگەی برسێتی ناگرم.

«هەڵبەت ئێستا رۆژ درەنگە و لەوانەیە بکەوینە تاریکی. بەڵام نیگەران مەبە. ماڵەکەی من نزیکە. لەوێ هەنگوینم زۆرە. ئەمشەو میوانی من بەو بە ئارەزووی دڵت هەنگوین بخۆ. ورچی ورگن کە







هەواڵنامەی کتێب





دیسان ناوی هەنگوینی بیست، سەرلەنوێ زاری پڕ بوو لە ئاو. لە خۆشیان خۆی هەڵاویشت و گوتی: «زووکە با بڕۆین! ئەوە لە برسان دەمرم!

«خوا نەکا بمری! قەزات وەمن کەوێ دۆستی خۆشەویست! برێک خۆ ڕابگرە هەر ئێستا دەگەینێ. ئەوەدەم چەندت ویست هەنگوین بخۆ! ورچی ساویلکە و ورگن کە بە هاسانی فریوی قسە خۆشەکانی ڕێوی خواردبوو بە خۆشحاڵی وەدوای کەوت... زۆر ڕۆیشتن. هەر تاریک و تاریکتر دەبوو. ورچەش تا دەهات پتر برسی و ماندوو دەبوو. مام ڕێوی لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

«بە خوا چاکم ماندوو کردووە! ئێستا بە تەواوی تاریکە و کاتی ڕاکردنە. ئیدی ناتوانێ بەم زگە زەلامەوە وەدوام بکەوێ و بمگرێتەوە.

لە پڕ ڕێوی تێیتەقاند و لەبەر چاوان ون بوو! ورچی لە خۆ بایی کە خۆی زۆر پێ زیرەک بوو و بڕوای نەدەکرد ڕێوی وا بەهاسانی بتوانێ فریوی بدات. لە تاوان بە دوو دەست بە سەری خۆی دا داو گوتی: «ئەی هاوار بەماڵم. ئەوەشم لە کیس چوو! چاکە وایە ئەو قسە خۆشانە هەموو فێڵ و تەڵەکە بوو! ئەمن چەندە ئەزان و خۆشباوەڕ بووم کە بڕوام پێکرد و وەدوای کەوتم!

بە دوای ئەم قسانەدا، قیژی هەستا و ئەڕاندی و هاواری ڕێوی کرد! بەڵام مام ڕێوی زۆر لەوە دوورتر کەوتبۆوە کە گوێی لە هات‌وهاواری ورچە بێ!

ورچی ورگن هەروا هاواری دەکرد و ددانی دەچیرەوە دەبرد. بەڵام ئەیدەزانی لەم نزیکانە شێرێکی تووڕە دەژی کە میری جەنگەڵە و چاوی دیتنی کەسی نیە! کاتێک شێرە گوێی لە هات و هاواری ورچ بوو، بەپەلە خۆی گەیاندە ئەو شوێنە و دوو سێ جار ئەڕاندی. ورچی زگ‌زل کە ئەیدەتوانی تەنیا شەوێک بە برسێتی سەر بنێتەوە، بەم دادوهاوارە گیانی خۆی لە مەترسی هاویشتبوو! بەڵام بە بیستنی ئەعرەتەی شێر، لە ترسان دڵی داخورپا و هێزی ئەژنۆی شکا! ویستی ڕاکا، بەڵام زۆر درەنگ ببوو. زانی پادشای دارستان بێگاتێ ورگی هەڵدەدڕێ و دەیکوژێ! لەوکاتەدا وەبیری هاتەوە کە دەرس لە ڕێوی وەربگرێ. بە خۆی گوت: «وا باشترە لە جیاتی کەڵک وەرگرتن لە هێزی باسک و قاچم کە ئێستا هێزیان نەماوە. لە بیر و مێشکم کەڵک وەرگرم و ڕێگای ئەجات بدۆزمەوە. چاوی بە کوڵکەدارێک کەوت و بە هەنگاوێک خۆی گەیاندە پشتی و لەوێدا خۆی حەشاردا. کاتێک شێرەکە بە پرتاو گەیشتە جێ، ورچە لە ترسان هەناسەی خۆی ڕاگرتبوو و جووڵەی نەدەکرد. شێرە بە تووڕەیی هەندێکی دەوروبەر پشکنی و دیتی کە کەسێکی لێ نیە تا تێکی بشکێنێ و ئازایەتی خۆی بنوێنێ. بە هەستی ئازایەتی و هەنگاوی میرانە، بە تاریکایی ناو دارەکاندا ڕۆیشت و دوور بووە.







فرشاد طاهری
کلاس پنجم
معدل ۲۰



فرهاد طاهری
کلاس پنجم
معدل ۲۰



میمن سلطان پور
کلاس چهارم
معدل ۲۰



صبا فتاحی قاضی
کلاس دوم راهنمایی
معدل ۱۹/۶۵



سینا فتاحی قاضی
کلاس سوم ابتدایی
معدل ۱۸/۵۰



شایان سمیعی
کلاس چهارم
معدل ۲۰(سردشت)



متین حسن زاده
کلاس اول ابتدایی
معدل ۱۸/۷۲(نقده)



شیوا حسینی ۱۱ ساله





ئالا[illegible] محمدی - ۷ ساله - بوکان







# تاریکایی شەو

سینا حەکیمزادە

ئەو کاتەی ماڵەکەمان وەک بێدەنگی شەوانە نوقمی تاریکی شەو بوو. بە هەڵگیرسانی دەنکە شەمچەیەکی بچووک تاریکی شەو تێکشکا. لەم شەوەدا، بە سەر باڵی باڵندەیەکدا سوار بووم. ئەندێشە و خەیاڵم بارێک بوون قورس و گران. ماڵەکەشمان بەم نێو ژوورە لە زەمانی کۆن دەدوا و بیرەوەرییەکان وەک باڵندە پەیام هێنەرەکان بوون و کات بە هیچ قەڵەمێک نەدەنووسراوە.

نوور! ئەو نوورەی هەتا دیوارەکانی ماڵمان دەگەیی دەیترساندم. هەر کام بە شێوەیەک ترس هێنەر بوون و لە رابردوودا شکڵیان گرتبوو. ترسی رابردوو. بیرەوەری رابردوو. لەم شەوەدا. ئاخ لەم شەوەدا. وردە وردە رووناکایی بە کزی دەنکە شەمچە لە کزی داو بە پەلەپەل دەنکە شەمچەیەکی دیکە هەڵبوو. رواڵمە دەوروبەر لە رابردوو. لە لە سایەکان باسێک مابوو



فانووسی ماڵەکەمان لە ماڵە چل‌وپێنج ساڵەکەمان هەڵگیرسا و لە دڵم دا نووری ئومێد چەشنی خۆر تروسکاندی.

## چیستان

نووسەر: نورخانی غالب

سەوزە خەیار نیە.. بەرزە چنار نیە.
ترشە هەنار نیە...

بە باری کلکی هەیە
بە خرتی نیەتی...

داریکم هەیە نێو داران...
دەنگی دێ وەک بزن و کاران...

لە دوازدان یەکی حەرامە...

مناڵە جوانەکان ئەو وێنەیە رەنگ کەن







تارا قادری
٦ ساله

